Kurdish Sorani

Client information

# یارمەتی و سەرپەنا پێدان پاش ئەوەی کە داخوازی پەنابەری و هەموو تکانامەکانی تۆ ڕەت کراوەتەوەوە

ئەگەر *Home Office (وەزارەتی ناوخۆ) سەبارەت بە داخوازی پەنابەری تۆ بڕیاری نەداوە، یا ئەگەر هەرجۆرە تکانامەیەکی جێبەجێ نەکراوت هەیە، تۆ سزاواری کە لە *NASS یارمەتی وەربگری. ئەگەری ئەوە هەیە کە پاش ڕەت بوونەوەی داخوازی پەنابەری و هەموو تکانامەکانی تۆ شێوازی پشتیوانی لە تۆ بگۆڕدرێت.

## ئایا داخوازی پەنابەری و تەواوی تکانامەکانی من ڕەت کراوەتەوە؟

**ئەگەر دڵنیا نیت، یا ئەگەر باروودۆخ لە نیشتمانی خۆت گۆڕاوە، پێویستت بە ئەوە هەیە کە بە زووترین کات ڕێنمایی یاسایی وەربگری – لە مافپارێزێک داوای ڕێنمایی بکە یا لە ڕاوێژکارێک داوا بکە ریزێک لە ناوی مافپارێزان بە تۆ بدات.**

## پشتیوانی پاش ئەوەی کە داخوازی پەنابەری و تەواوی تکانامەکانی تۆ ڕەت کراوەتەوە

ڕەنگە دۆزینەوەی سەرپەنا یا پشتیوانی پاش ڕەت بوونەوەی داخوازی پەنابەری دژوار بێت. بەڵام، چەند ڕێگا لە بەردەستی تۆدایە:

1. **یارمەتی بەشی 95** – پشتیوانیەک کە تۆ لەماوەی داخوازی پەنابەری خۆت وەریدەگری
   - ئەگەر پێش ئەوەی کە یارمەتی *NASS S95 بۆ تۆ کۆتایی پێ بێت منداڵی ژێر 18 ساڵانت هەبێت کە لەگەڵ تۆ دەژی، درێژە بە ئەو یارمەتیە ئەدرێت تا کاتێک کە هەموو منداڵانت دەبنە 18 ساڵان.
   - ئەگەر هیچ منداڵت نەبێت، یارمەتی *NASS S95 بۆ تۆ پاش 21 ڕۆژ دوای دوایین ڕەت بوونەوەی داخوازی پەنابەری تۆ کۆتایی پێدێت. *NASS بە نامەیەک سەبارەت بە ئەمە تۆ ئاگادر دەکاتەوە.

2. **یارمەتی بەشی 4**- سەرپەنایی ئاسایی و خۆراک یا کۆپینەکان.
   ئەگەر منداڵت هەبێت پاش ئەوەی کە بە یارمەتی *NASS S95 کۆتایی هات، یا ئەگەر تۆ ناتوانیت بریتانیا بەجێ بهێڵی یا ئەگەر تۆ داخوازیت داوە کە بە مەیلی خۆت بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەت، ڕەنگە یارمەتی بەشی 4 بۆ تۆ شیاو بێت. **تکایە نامیلکەی *Refugee Action's لەسەر یارمەتی *Section 4 ببینە.**

3. **یارمەتی دەسەڵاتدارانی ناوچەیی**
   - ئەگەر گرفتێکی گەورەی سلامەتی جەستەیی/ڕەوانیت هەیە یا بەساڵاچوو/ناساقی، ڕەنگە *Local Authority (دەسەڵاتدارانی ناوچەیی) بتوانێت سەرپەنا و یارمەتی بە تۆ بدات. ئەوان پێویستیان بە ئەوە هەیە کە سەرەتا تۆ هەڵسەنگێنن – بەمە ئەڵێن *Community Care Assessment وە ڕەنگە ماوەی چەند هەفتە بخایەنێت.
   - ئەگەر تۆ منداڵت هەیە بەڵام یارمەتی **S95** یا **S4** بۆ تۆ ناشێت پێوستە دەسەڵاتدارانی ناوچەیی یارمەتی منداڵەکانت بدەن، بەڵام ڕەنگە ئەوان قەبووڵ نەکەن کە بە ئەندامانی گەورەتر لە 18 ساڵ لە نێو خێزانی تۆ یارمەتی بدەن.

**ئەگەر هیچکام لە ئەو چینەبەندیانەی سەرەوە بۆ تۆ ناشێت** ڕەنگە هەندیک ڕێکخراوی ناوچەیی بتوانن سەرپەنا، خۆراک یا جلوبەرگ بە تۆ بدەن.

## تکایە لە ڕاوێژکارێک پرسیار بکە تا واتای ئەو وشانە بۆ تۆ ڕوون بکاتەوە

* ئەمانە ناوی ئنگلیسی ڕیکخراەکان یان هەندیک وشەن کە ناکریت وەریان بگێریتەوە سەر زمانێکی دیکە. تکایە لە ڕاوێژکارێک پرسیار بکە تا واتای ئەو وشانە بۆ تۆ ڕوون بکاتەوە